# ثارتيزان و رةواجى سةرى ثيشمةرطة

ڕێبین عمر

کۆتایی ساڵی ١٩٨٨بوو، شەڕی عێراق ئێران کۆتایی هاتبوو، هێزی پێشمەرگە ئەوانەی بۆ پارتیزانی دیاری کران بەسەر چەند هێزێکی بچووکدا دابەش کران و ئەوانەی مانەوەش بەرەوقەندیل هەڵکشان!!

منیش لەو مەفرەزەیە بووم کە شەهید (هاشم شەمامکی) سەرپەرشتی دەکردو بۆ دەشتی شەمامك بەری خراین.. ئەگەرچی شەهید هاشم ئەو سەفەرەی کورت بوو لەگەڵمان کە هەرزوو لەشارۆچکەی هیران بەدەستی هێرشی سیخوییەکانی ڕژێم کە ١٢ تەیارە بوو زامداربوو، نەیتوانی سەفەر بکات، بەڵام کاریگەری و خۆڕاگری و غیرەتی ئەو پیاوە هەمیشە قوتابخانەیەك بوو بۆ ئێمە، بەتایبەتی لەوسەفەرەی کە مەرگ لەهەموو کاتێ زیاتر نزیکتربوو لێمان ، بۆیە بەچاوی پڕ لە حەسرەتو زامو خوێنی جەستەکەی ئێمەی بەرێکرد کە ئیتر نەئێمە ئەومان دیتەوەو نە ئەویش ئێمە... ئەو بۆ سەرکردایەتی گەڕایەوە کەلەسەر پشتی ئێسترو کۆڵی پێشمەرگە دەخولایەوەو چارەنوسێکی بزر چاوەڕێی دەکرد... کە ڕژێم هەر پێشمەرگەو هەلیکۆپتەرێکی بۆ تەرخان کردبوو ئێمەش بۆناخی دەسەڵاتی ڕژێمێك کە تێیدا سەری پێشمەرگە وەك کاڵایەکی گرانبەها لەدەست جاشو مەفرەزە خاصە بۆ مەنزومەو ئەمنی بەلدە بەپارەیکی زۆر باش لێیان دەکڕدرا بۆیە هەمیشە لەکەمینی ئێمەدابوون..

دەبێت چ بیروباوەڕێك هێندە تۆکمە بێت لەدووری دوو کیلۆمەترەوە ژیانێك هەیە لەناوپێخەفی نەرمو گەرمو ژەمی

چەوردا رادەبوێرێ .. تۆش نانی ڕەق‌و قومێ ئاوی ساردت دەست نەکەوێ؟ کە ئەگەر لای هەندێ کەسی هەڵپەرست ئاسایی بێت بگەڕێتەوە دواوەو قبووڵی بێت ئەو وشە پرساوو پڕ شکۆیە (پێشمەرگە) بگۆڕێتەوە بە وشەیەکی سووك‌و چروکی وەك (جاش) ئەو ژیانەی دەست دەکەوێت بەڵام هەرگیز لە نەفرەتی گەل‌و نەتەوە بەدەر نابێت..

ناوچەکە یەك پارچە تۆڕی جاسوسەو ئێمەش بە ناویدا گوزەر دەکەین، لەنێوان ڕەبیەو مۆڵگای دوژمن چاوشارکێ لەگەڵ مەرگ دەکەین... برسێتیش کارتێکی فشاربوو لەسەرمان ئەو سەموونە وشکەی لەمۆڵگای ڕەبیەیەك دەستمان دەکەوت مێژووی دەگەڕایەوە بۆ سەرەتای ئەو بەهارەو ئێمەش بۆ پایز هەڵدەکشاین! ئەوەی تەنیا شکمان دەبرد داڵدەمان بداو نانمان بدا برادەرێکی ڕێکخستنی خۆمان بوو، بەڵام ڕۆح لە جێگایەکی قایمدایە کێ دەڵێ ئەو برادەرەش ئامادەیی تێدایەو کوری تەنگانەیەو سەری ئێمە هەرزان فرۆش ناکات!!! سەیر نیە ئەوەی گومانمان بۆی نەدەچوو هەگبەی هەمئاهەنگی لای ڕژێم دۆزرایەوە ، بەڵام ئەوەی ئێمە لێی دەترساین‌و گومانی خراپمان پێ دەبرد وادەرنەچوو، پاش ئەوەی تەکبیرمان کرد شەو لەناو بیرەکە بمێنینەوە ئەویش دێ بۆ هەڵکردنی مەکینەکەی بەدیداری دەگەین.. هەموو شەوێ چوارکاتژمێر بەناو دڕك‌و داڵدا بۆ ژەمێکی شلە ساوەر گوزەرمان دەکرد لەترسی سیخوڕانی بەعس‌و پاشکۆکانی بەپارێز دەڕۆیشتن‌و شوێن پێمان لەسەر خۆڵدا دەبوایە هیچ ئاسەواری دیارنەبێ کەلەمێژ نەبوو لەکەمینێکی مەفرەزەی جاش‌و مەفرەزە خاصەدا.. (ڕۆستەم)مان شەهیدو (نەوزاد)یش بریندارببوو ئەو ڕۆژگارەو مێژوو شاهید کاك(ج) لەسەر ژمارەی سەمونە زیادەکانی کە بۆ ئێمەی جێ دەهێڵا تێر شەق‌و جنێو دەکراو لەبازگەی ڕژێم لەسەر سۆزی کوردایەتی بوو، نانی ئێمەی دەدا نەك لە ترسان.

مێژوو تۆماری بکە ئەو هەڵوێستەی کاك (ج) لەهەمبەر دۆزی گەلەکەی ڕۆحی شەهید(ڕۆستەم) ئاسودەبێ کە دوو کاتژمێر بەر لە شەهیدبوونی گوتی (ئێمە بۆچی وەکو جاشان بژین).